مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان :

*یەکێتی و پارتی لە بەدیلی شەڕ هاوپە یمانییان هەڵبژاردووە. لێرە دەنگێکی ترین و لە بەغداش دەنگێك زیاد دەکەین

لە هەنگاوێکی نەوعی و مێژووییدا کە چاوەڕواننەکراو بوو لەلایەن جەماوەری کوردستان و حیزب و لایەنەکانەوە کە بۆ هەڵبژاردنی (١٢/١٥) یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان وەکو حیزبی سێیەمی ساحەکەو هێزی کاریگەری جەماوەری بە تەنهاو بە لیستێکی سەربەخۆ کێبڕکێی و گەمەی سیاسی بکات و رووبەڕووی دوو هێزی سەرەکیی دەسەڵاتدار ببێتەوە. بەم هەنگاوەی یەکگرتوو دەبێتە سەرمەشقی کاری ئۆپۆزسیۆنی لە کوردستان. لە دیمانەیەکی تایبەت بە رۆژنامەی یەکگرتوو بەڕێز مامۆستا (سەلاحەددین محەمەد بەهائەدین) ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانمان بەم شێوەیە بۆ رۆژنامەکەمان دوا :

سازدانی دیمانە : (هۆگر خۆشناو)

– مەسەلەی جیابوونەوەی یەکگرتوو لە لیستی هاوپەیمانی، لە ئەنجامی بوونی گەندەڵیی سیاسی و دارایی (یەکێتی و پارتی)یە؟ یان کەمبوونەوەی نفوزی یەکگرتوو لە شارەکان، یان دەتانەوێ جارێکی تر رۆحی موئافەسەو موعارەزە بکەرێنەوەو مانایەکی دیکە بە دیموکراسیی کوردی بدەن؟

+ بسم الله الرحمن الرحيم.. سەرەتا پرۆسەی هەڵبژاردنی پێکەوەدابەزین وەکو هاوپەیمانی یان بە جیاواز، مافێکی ئاسایی هەر حیزبێکە، ئەو حیزبە دەزانێت کە بەرژەوەندیی حیزبی یان بەرژەوەندیی گشتیی ئەوکاتە لەگەڵ خەڵکانی تر دادەبەزێت، ئێمە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا هەر لە سەرەتای هەڵبژاردنەکانی (١٩٩٢) کە هێشتا ئیعلانی حیزبمان نەکردبوو، بەشداریمان لە هەڵبژاردندا کرد وەکو (ئیسلامیی سەربەخۆ) لەگەڵ برایانی (بزوتنەوەی ئیسلامی). ئەو کاتە لە (لیستی ئیسلامی). دوای ئەوە لە هەموو هەڵبژاردنەکای تر کە ئەنجام دراوە ستراتیژیەتی ئێمە بەشداریکردن بووە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، بەڵام بەشداربوون لە لیستی هاوپەیمانی باسێکی ترە، جاری وا هەیە لە لیستێك بەشدار دەبیت لەگەڵ کەسانێك جارێکی تر بەرژەوەندی ئایاە کە هاوپەیمانی نەکەیت، لە راستیدا مافێکی سروشتی و ئاسایی خۆمانەو هیچ پێویست ناکات (لیس في الضرورة) کە بینا بکرێت لەسەر شتێکی دژ بە خەڵکی تر، بەڵام هەڵوێست گرتن لەسەر هەرشتێك دیارە کە پاساوی خۆی هەیەو هۆکاری خۆی هەیە، هۆکاری سەرەکی لەلای ئێمە تەسەورمان وایە لە ساحەی کوردستاندا کە بتەوێت بینای حاڵەتێکی سیاسی دیموکراسییانە بکەیت، ئەسڵ پێکەوەدابەزین نییە، ئەسڵ وایە کە ململانێ و موئافەسە ببێت لە ساحەکەدا، بەڵام لەبەرئەوەی ساحەی کوردستان بە ناشوکری نەبێت کە ئەو (١٢)ساڵەی پێشوو ئەوەندە موعانات و ناکۆکییەی هەبووە، یەکگرتوو یەکێك بووە لەو لایەنە سەرەکییانەی کە بەردەوام لەگەڵ لیژنەکانی ئاشتی و ئاشتەواییدا بووەو بەردەوام پارسەنگی ئاشتی بووە لە کوردستان، ئەوەندە ئاشتی و پێکەوەژیان و دروشمی بووە، ئێستا بەتەنیا دابەزینەکە وەکو پرسیارێکە کە دروست دەبێت و، دەبێت بزانین کە کەش‌و هەوای ئەم حاڵەتە نوێیە چییەو، ناخی حاڵەتی خۆی ئەوەیە کە کوردستان جاران بەدەست ناتەبایی و شەڕی ناوخۆو گرفتەکانی شەڕی ناوخۆوە دەیناڵاند، ئەمڕۆ کوردستان بەدەست یەك لیستییەوە دەناڵێنی! لە هەڵمەتەکەی پێشوو و لە هەڵبژاردنەکەی پێشوودا ئێمە لەگەڵ یەك لیستیدا بووین، چونکە وامان دەزانی کە چوون بۆ بەغدا یەك هەڵوێستی لە بەغدا پێویستی بە یەك هەڵوێست و یەك لیستی هەیە، چونکە دەستوریکردنی ژیان لە عێراقداو دەستوریکردنی مافە رەواکانی گەلی کوردستان ئیشی یەك هەڵوێستی و یەك گوتاری دەویست، ئێمە وا دەزانین کە ئەم حاڵەتەی پێشوو (هاوپەیمانییەکە) لایەنی سەلبیشی هەبوو کە بووە مایەی مراندنی موئافەسەکە هێزە سەرەکییەکان پێکەوە دابەزین، مانای وایە کە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە بێ رۆح دەبێت، ئێمە ئێستا روبەڕوو بوونەتەوە لەگەڵ ئەنجامە نادروستە سەلبییەکانی هەڵبژاردنی پێشوو.

– کەواتە دیموکراسیی کوردی نەخۆشە؟!

+ نەك نەخۆشە.. نەخۆشییەکی کوشندەی هەیە، چونکە پارتی و یەکێتی دوو هێزی سەرەکین، ئەوانن دەسەڵاتیان بەدەستەوەیەو لە رابردوودا خەباتێکی دێرینیان هەیە، دەتوانین بڵێین کلیلی گۆڕانکاری لە کوردستاندا لەدەست ئەوانە، کە ئەوان دەبێت یان شەڕیان بێت یان ئاشتییەکی لەو بابەتە نادروستە بکەن، لێرە ئەرکی بۆ ئێمە دروست کردووە، ئەگەرنا ئێمە لە حاڵەتی ئاساییدا نەدەچووینە ئەم مەیدانەوە، بەڵام کاتێك دەبینین ئەوان لە بەدیلی شەڕدا پێیان وایە ناتوانن بەتەنها دابەزن، ئێمە پێمان وابوو لە هەڵبژاردنی رابردوو کە هەموو پێکەوە بین، بەڵام لەراستیدا ناتوانن بە تەنها دابەزن، ئەگینا دۆخ دەچێتەوە دۆخی ناکۆکی تا ئاستی شەڕ.

– بەڵام (یەکێتی و پارتی) یەك لیستی بە یەکڕیزیی لایەنەکان لێکدەدەنەوەو بانگشەی بۆ دەکەن؟

+ نەخێر.. بە پێچەوانەوە، ئێمە یەکڕیزیی وامان ناوێت، ئێستا باسی شەڕ نەماوەو دەستور هەیەو با هەر حیزبەو بۆ خۆی دابەزێت بۆ ئەوەی کارا بێت، هەڵبژاردنی ئێستا مردووە، بینیمان کە سندوقەکان چۆڵ بوون لە راپرسی لەسەر دەستوور، لەوەش خراپتر و گەندەڵتر ئەوەیە کە بە ساختەکاری پینەی ئەو پەتایە بکرێت، چۆڵیی هەڵبژاردنەکان مانای خۆی هەیەو پڕکردنەوەی ئەو ئەنجامە نادروستە بە ساختە بەڵایەکی ترە، ئێمە لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا بۆچی لە پێنج پارێزگای عێراقدا سیانەکەی کوردستان لە لیستی رەشدایەو لە راپرسییەکەی ئەنجارەش ئەم (٩٩)یانەوە نەبێت مەدالیای سەرکەوتنمان بۆ بێت هەر لیستی رەشمان بۆ دێنێت.. ئێمە تەسەورمان وایە بەئاراستەیەکی زۆر خراپدا دەڕۆین، ئەگەر ئاوا بڕوات لەبەرئەوەی حاڵەتی کوردستان هێزە سەرەکییەکان پێکەوە دادەبەزن و پێکەوەدابەزینیش مانای مراندنی هەموو گیانێکی موئافەسەو کێبڕکێیە، لە ئەنجامدا نە موعارەزە دەمێنێت و نە دەسەڵاتداریش هەمووی دەبێت بە دەسەڵات.

لێرەوە ئێمە پێمان وابوو لە هەڵبژاردنی رابردوو لەگەڵ سلبیاتیش کە دەمانزانی کە گرفتمان توش دەبێت، بەڵام تەسەورمان وانەبوو بەو ئەنجامەی کە ئێستا بینیمان.

ئێستا وا لە مانگی یازدەداین، تائێستا دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنی (١/٣١) هێشتا ئیفلیجە، پەرلەمان هێشتا دانیشتنەکانی بەو ئەمرو نەهییانە دەکرێت کە هەردوو مەکتەبی سیاسیی (پارتی و یەکێتی) دەیکات، کەسی جیای ئەم دوو حیزبە لە پەرلەماندا هیچ کاریگەرییان نییە، پەرلەمان کە کارا نییە بووەتە هۆی ئەوەی کە پاساکانیشی هەروا وەستاوە، چونکە دەزگای جێبەجێکردن بریتییە لە حکومەت متمانەی لە پەرلەمانەوە وەرنەگرتووە، هێشتا یەکخستنەوەی ئیدارەکان ئەنجام نەدراوە، کە ئەمە هەمووی بانگەشەمان بۆی دەکردو لە هەڵبژاردنی (١/٣١)ی رابردوو دەمانوت هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی پەرلەمانێکی شەرعی و دروست و بۆ یەکخستنەوەی ئیدارەی هەرێم و نەهێشتنی گەندەڵی و ئەو شتانەی کە هاوڕێی دوو ئیدارەیی و ئەو ناخۆشی و ناکۆکییانەی کە هاوڕێی دوو ئیدارەیین، ئێستا وا مانگی یازدەیە دوو ئیدارە وەکو خۆیەتی و بەرەنجامەکانی هەڵبژاردنی رابردوو بە بەرهەم نەگەیشتوون، لەبەر ئەوە گیانی موئافەسە نەماوە، چونکە دەسەڵات پەرلەمانەو پەرلەمان دەسەڵاتە، لەلایەکی تر هاوولاتی بەرگری نەماوەو حەز ناکات بچێت بۆ هەڵبژاردن و سەر سندوقی هەڵبژاردن، چونکە دەڵێ مادام ئەنجامەکەی هەروەکو خۆیەتی من بۆچی خۆم ماندوو بکەم، ئینجا بۆ پینەو پەڕۆ پەنا دەبرێت بۆ ساختەکاری و فرۆفێڵ و شتی تر، کە ئەویش نادروستییەکی ترە، بەمانای هەڵە لەدوای هەڵە بۆ پینەکردنە، ئەوە مەسەلەیەکی ترسناکەو پێویست دەکات کە بەلایەنی کەم ئێمە بەشداری ئەم هەڵانە نەبین.

– یەکگرتوو چۆن گفتوگۆی لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کرد بۆ ئەوەی بەشداری بکات و ئەو پەیامەی کە دەیویست پێیان بڵێت، پێی گەیاندوون؟

+ ئێمە وەکو حیزبێك پەیامان ئەوەیە کە بە جیاواز لیستی خۆمان هەیەو بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەین.

– لەگەڵ (یەکێتی و پارتی) گفتوگۆتان نەکردووە تا یەکگرتووش بەشدار بێت لە لیستی هاوپەیمانی؟

+ نەخێر دانوستامان نەکردووە، بیستم چەند برادەرێك وتوویانە کە ئێمە لەسەر کورسی پێك نەهاتووین، ئێمە باسی کورسیمان نەکردووە بۆ ئاگاداریی بەڕێزان ئەوەی موتابەعەی گوتاری ئێمەی کردبێت لەماوەی ئەو فەترەیەی دوای هەڵبژاردنەکانی رابردوو تا ئێستا ئەگەر بە ئینساف موتابەعەی گوتارو قسەکانی ئێمەی کردبێت، هەستی کردووە کە لەدوای هەڵبژاردنەوە کە کەم کەم حاڵەتەکە تەنها بۆ ئەوەبوو کە ئەم قۆناغە بەڕێ بکرێت، ئێمە وتوومانە کە ئەم هاوپەیمانییە ئیلزامان ناکات بە هیچی تر، چونکە هاوپەیمانییەکە بۆ قۆناغێکی دیاریکراو کە کۆتایی پێهات، دەستور دانراوەو ئەو شتانەی کە دەمانوت بۆ کوردستان هیچی نەکرا، لەبەر ئەوە ئێمە خۆمان ناخەڵەتێنین و جەماوەری کوردستانیش ناخەڵەتێنین و، بە شەفافیش وتوومانە دەمانەوێت بە لیستێکی جیا دابەزین و بوونمان هەبێت بۆ ئەوەی گەرمی بخەینەوە پرۆسەی هەڵبژاردن.

– بوونی دەنگی جیاوازو مەسەلەی تەعەدودیەت ماوەیەکە لە کوردستان کاڵ بووەتەوە، ئیتر دەتانەوێت ئەم مۆدێلە دابهێنن کە بۆ هەڵبژاردنەکان جارێکی تر دەنگی جیاواز دەبێت و نەخێر بۆ هاوپەیمانیەتی بکرێت؟

+ دەبێت بزانین کە هاوپەیمانی بۆ چییە، هاوپەیمانی بۆ ئەوەیە یەکدەنگ بین لە بەغدا بۆ دەستورو بۆ چەسپاندنی مافەکان.. ئەوەمان کردو لەگەڵی بووین، بەڵام هاوپەیمانی ببێتە یەك حیزب و لە ئەنجامدا وەکو یەك حیزبی لێ بێت و بڕێتە گیرفانی دەسەڵاتەوە؟ ئەمە مەنتیقی نییە، دوو حیزبن شەڕیان پێ ناکرێت و دەبانەوێت هاوپەیمانی بکەن و ئیختیاری هاوپەیمانییان کردووەو گوێشیان لەوە نییە کە پرۆسەی هەڵبژاردن چیی بەسەر دێت، چونکە دەسەڵات لەدەست خۆیاندایەو کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانیش تائێستا لێیان بێدەنگەو ئیشەکەیان بەڕێ بکەن، بە بۆچوونی ئێمە ئەمجارەیان هاوپەیمانی بۆ هەڵبژاردنەکان هیچ مانایەکی نییەو نەماوە بۆ بەغدا، چونکە هەموو ئەو کوردانەی کە دەچن بۆ پەرلەمانی بەغدا لیستی کوردستان (٣٥)کەس دەردەچن، هەر لیستی هاوپەیمانی بێت یان هەر لیستێك.

(١٥)کەسی تریش لە دەرەوەی کوردستان کە لە لیستی تەعویزیدا دەبێت، ئەوکاتە دەبێتە (٥٠)کەس، (٥٠)کەسی کوردستان ناتوانێت هیچ گۆڕانکارییەکی جەوهەری لە مەسەلەکانی بەغدادا بکات، ئەگەر پردی دۆستایەتی و پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتییەکانی عێراقدا دروست نەبووبێت و نەکرابێت، بەداخەوە ئەوەش دەڵێم کە شتێکی خۆش نییە بەراستی کوتلەی کوردی لەو ماوەیەی کە لە کۆمەڵەی نیشتمانی بووە لە بەغدا نەیتوانیوە ئەم پردانە مەحکەمتر بکات.

جارێك لەسەر عیلمانیەتی عێراق و جارێك لەسەر شتی بچکۆلانەو جارێك لەسەر شتی گەورەو جارێك لەسەر ئامادەنەبوون لە دانیشتنەکان و لاموبالاتیی زۆر کە هاوپەیمانی بوو بە کوتلەیەکی حیزبی، ئەوەی کە لەوێ بووە جاری وایە لەبەر کەسایەتی چووەو بۆ تەقدیس، بەڵام خەمهەڵگری قەزیەیەك و نەتەوەیەك نەبووە، یان لەبەر بارودۆخی ئەمنی نەیتوانیوە ئامادە بێت.. ئێمە دەبێت پشت بەو دەستورە ببەستین و ئەو دەستورە پارێزەری مافەکامان بێت، مافی میللیمان و مافی هاوولاتی و تاك بوون.

ئێمە وەکو یەکگرتوی ئیسلامی بە شانازییەوە دەتوانین بڵێین بەبێ ئەوەی ناوی بنێین هاوپەیمانی، پەیوەندیی چاکمان هەیە لەگەڵ کەسایەتی و لایەنی زۆری عێراقی لە ئیسلامی، چ سوننەو چ شیعەو لە کەسایەتیی ترو لایەنی نیشتمانیی عێراقی، ئەم دۆستایەتی و لێکنزیکییە دەیرژێننە حیسابی کێشەی گەلی کوردستان، لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ رێزمان بۆ ئەو رایەی کە دەڵێت (یەکگرتوو شکست دێنێت بە پرۆژەی کوردستان)، بە پێچەوانەوە.. ئێمە دۆستی بۆ پەیدا دەکەین و دەنگی تری بۆ ئیزافە دەکەین بە ئومێدی خوا.

– هەندێك لە بەرپرسانی (یەکێتی و پارتی) دەڵێن کە یەکگرتوو هەرچەندە بەجیا دادەبەزێت، بەڵام دواتر دێتەوە نێو لیستی هاوپەیمانی، ئەمەیان چەند راستە؟

+ ئێمە هەر بڕوامان بە هاوپەیمانی نییە بۆ کوردستان، خەڵکی کوردستان پێویستی بە هاوپەیمانی نییە، پارتی و یەکێتی لە بەدیلی شەڕ هاوپەیمانییان هەڵبژاردووەو رەنگە بۆ خۆیان جائیز بێت، بەهەرحاڵ... بەڵام نەیفرۆشنەوە بە کوردو کێشەی کوردی، ئێمە دوای هەڵبژاردن چی دەکەین و چۆن کار دەکەین، ئەوا لە بەیاننامەی سەرەتای ئەم بابەتەدا رونمان کردووەتەوە کە لە مەسەلە نەتەوەییەکاندا (تەوسیەی کەسمان ناوێت و بۆ کەسیشی ناکەین) و ئەرکی خۆمانە کە قسە لەسەر مەسەلە نەتەوەییەکان بکەین و دەنگی بۆ کۆبکەینەوە، لەگەڵ هاوپەیمانی یان هەر خەڵکێکی تر بێت.

– بۆ لیستی جیا دەڵێن یەکگرتوو پشت ئەستوور بووە بە رای جەماوەرو ئەندامانی یەکگرتوو خودی خۆی؟

+ ئەوە شانازییە کە ئێمە میکانیزمێکمان گرتە بەر کە بۆ هەر مەسەلەیەکی چارەنوسسازو هەنگاوێکی نەوعی پرس بە کادیرو ئەندامی خۆمان بکەین، ئیستیمارەی راپرسیمان دابەزاند کە خیاراتمان دیاریکرد کە هاوپەیمانی بکەین یان نا، هاوپەیمانی لەگەڵ کێ و چۆن و تەنیایی چۆن؟ ئەنجامەکەی ئەوەبوو کە بە تەنیا دابەزین.

– جیابوونەوەتان لە لیستی هاوپەیمانی هیچ پەیوەندییەکی بە کاریگەری و پاڵەپەستۆی (کۆمەڵەی برایان و حیزبی ئیسلامیی عێراقی)یەوە هەیە؟

+ نەخێر.. هیچ ئەساسێکی نییە، ئەگەر وا بوایە لەگەڵ حیزبی ئیسلامی پێکەوە دادەبەزین، کێ دەیتوانی رێگر بێت لەبەردەمماندا، بە پێچەوانەی ئەوەوە ئێمە کاریگەریمان لەسەر حیزبی ئیسلامی هەبوو و برایانی سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی بەتایبەت جەنابی (کاك مەسعود) و جەنابی (مام جەلال) باش ئەوە دەزانن کە چەندە کاریگەریمان هەبووە لەسەر حیزبی ئیسلامی بۆ ئەوەی هەڵوێستی (بەڵێ)ی هەبێت لەسەر مەسەلەی دەستورەکەو هەڵوێستی ئیجابی لەسەر مەسەلەی کورد، کە ئەمەش شاراوە نییە لە لای سەرکردایەتیی سیاسیی کورد.

– بەو هەنگاوەی یەکگرتوو (یەکێتی و پارتی) بێتاقەت نەکردووە؟

+ ئێمە حەز ناکەین بێتاقەت بن و کەس دڵی لە ئێمە بێشێت، بەڵام حەز دەکەین شتێك بڵێین.. ئێمە ئەگەر گلەییمان لە ئەداء هەیە، گلەییمان لە کردارێك هەیەو لە فیعل و هەڵوێستێکی نادروست هەیە، مانای وا نییە کە خاوەنی ئەم فیعلانە ئیتر سفر بکەین!

باسی پەروەردەیەك دەکەین کە پەروەردەکە بەهەڵە دەزانین، لەبەرئەوە سەرکردایەتیی (پارتی و یەکێتی) جێگای رێزی ئێمەن، بەڵام هەڵە لە جێبەجێکردنی ئیش و لە تێکەڵاوکردنی حیزب و حکومەت یان ئەو کەم و کوڕییانەی دەبینین لەو دوو ئیدارەیە، یان بوونی دوو ئیدارە جێگای رەخنەن و رەنگە ئێمە هەقمان بێت رەخنەی لێ بگرین و کەسیش خۆی نەکات بە خاوەنی کە مەبەست فلان کەسە، بەس کرداره خراپەکانە.

– لەسەر لیستی ئیسلامی کوردستانی، زۆرجار کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت ئێمە داوای ئەم لیستەمان کردووەو یەکگرتوو رەفزی کردووە؟

+ دەبێت ئێمە شتێك بڵێین کە حەزمان نەکردووە بەرەیەك دروست بکەین بە ناوی (بەرەی ئیسلامی) بەرامبەر بەرەی عیلمانی، ئەگەر چی گۆڕانیش زۆر رووبداوە، بەس رەنگە ئەم حەزە هەر مابێت کە نەیکەین، برایانی کۆمەڵی ئیسلامی هەنگاوی باش و جوانیان ناوە بەرەو ئەو بنەما فیکری و هەڵوێستە سەرەکییانەی کە ئێمە قەناعەتمان پێی بووە وەکو کاری سیاسیی ئاشتییانە.

لەلایەکی ترەوە گەڕانەوە بۆ رای جەماوەری یەکگرتوو و رێکخستنەکانی دیارە وەڵامی ئەوان ئەوە بووە لە راپرسییەکە بەتەنها دابەزین.

هەروەها ئێمە هەستمان کرد کە برایانی کۆمەڵی ئیسلامی ئەگەر راستە حەز دەکەن ئێمە لەگەڵیان بین، ئەو هەنگاوەی کە دەینێین کە هەنگاوێکی نەوعییەو وروژاندنی هەندێك حاڵەتی تێدایە رەنگە بە گوێماومان نەبینیبێ کە لەگەڵ لایەنێکی تر بین، نەك تەفسیرێك یان خوێندنەوەیەکی هەڵەی لێوە بکرێت، ئێمە وەکو یەکگرتووی ئیسلامی کە مافی دۆستایەتی و برایەتی و هاوکاری لە ماوەی ئەو (١٢)ساڵە ناوبانگمان دەرکردووە کە پارسەنگی ئاشتی بووین لە کوردستانداو هیچ گرفتێکمان نەبووە لەگەڵ پارتی و یەکێتی و هاوکاریان بووین لە هەموو هەنگاوەکاندا، رەنگە بەتەنها دابەزینمان ئاسانتر بێت، بەڵام ئەگەر بیکەین بە بەرەیەکی جیاواز، پێمان وایە هەنگاوێکی ئاسایی بێت، بەس لە حاڵەتی ئێستای کوردستان رەنگە زوو بێت، کۆمەڵی ئیسلامیش وەکو لایەنێك ئازادن لەوەی کە چی دەکەن و حەزیان لە چی بێت و لەگەڵ هاوپەیمانی چوون.. دەستیان خۆش بێت و تەقدیری هەڵوێستیان دەکەین.

– پێشینی دەکەن کە شەقامی کوردی پێشوازی لەم هەنگاوەی یەکگرتوو بکات؟

+ ئومێد دەکەین کە وا بێت، چونکە شەقامی کوردی گرفتی زۆرەو رای گشتی زیندوو نییە رۆشنبیریی هەڵبژاردن گەشەی نەکردووەتەوەو کاری لەسەر نەکراوەو هاوولاتی نائومێد کراوە، دەبێت ئێمە دوو کار بکەین: کار بکەین لەسەر ئەوەی ئومێد ببەخشین بە هەڵبژاردن، کارێکی تر یەکگرتوو بێت ئەو ئومێدە، ئێمە ئەوەندەی مەبەستمانە.. ئومێدە بە سندوقی هەڵبژاردن و، بیانکەینەوە بە پرۆسەی هەڵبژادن و بە ئەو میکانیزمەی کە ئالۆگۆڕ لەسەر ساحەکە دروست دەکات، ئەوەندەی ئەوە خەمانە.. ئەوەندە خەمی ئەوەمان نییە کە ئایا ئەو ئومێدە یەکگرتوو بێت یان خەڵکی تر، چونکە ئێمە بڕوامان بە خۆمان هەیە کە ئەمڕۆش نەبێت رۆژێکی ترو کاتێکی ترو جەوڵەیەکی تر.

ئێمە وەکو یەکگرتووی ئیسلامی بەو بنەما فیکرو مەنهەجەی کە هەمانە، بەم ستراتیژیەتە ئیسلامییەی کە هەمانە، بەو کراوەییە کە بۆ ژیان هەمانە بۆ دوو خیار بڕوامان بە خۆمان هەیە کە ئەو متمانەیە کە ئەم جارەش نەبێت لە جارانی تر بەدەستی دەهێنین بە رێژەیەکی گونجاوی حاڵی خۆمان، بەڵام گرنگە مەبەستی سەرەکیی خۆمان گیانکردنەوە بێت بە بەری پرۆسەکەداو، سندوقی هەڵبژاردن ببێت بە یەکلاکەرەوەی حاڵەتی سیاسیی کوردستان و چاکساز بۆ ئەو نادروستییەی کە هەیە لە دوولەتبوونی ئیدارەو گرفتی هاوڕێ لەگەڵ دوو ئیدارەداوە گەندەڵیی ئیداری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەوانە هەمووی چاکسازیی دەوێت.

– لەکاتی یەکگرتنەوەی ئیدارەکان یەکگرتوو بەشداری دەکات؟ لە کاتێکدا ئێوە مەرجتان داناو بۆ بەشداریکرنەکەو (یەکێتی و پارتی) تەنها وەزارەتێکیان داناوە؟

+ شاراوە نییە کە ئێمە دڵساردین لە مەسەلەی بەشداریکردن لەو ئیدارەیە، ئەگەر خوا کردی یەکیان خستەوە، ئەوکاتە قسەیەکی لێ دەکەین. ئێمەی لێی دڵساردین و تامی نەماوە، یاساش وایە کە چەند رۆژی دوای هەڵبژاردنەکە پەرلەمان هەڵبژێردرێت، پەرلەمانەکە بەهەرحاڵ چوار پێنج مانگ دوایانخست و (یا الله یا الله) پێی گرت، کە پێی گرت پێشبینیمان دەکرد کە دوای (١٥)رۆژێك تەکلیف لە سەرۆك وەزیران بکرێت. ئێستا دوای (١١)مانگ تامی نەماوەو لە راستیدا قسەی تر هەڵدەگرێت..!!